# بانگەشـەی زانینی غەیب وپەنهانەکان

[ كردي – کوردی – kurdish ]

کۆمەڵێ لە زانایان

وەرگێڕانی: عبد السلام محمد پشـدەری

پێداچونەوەی: پشـتیوان سـابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ ادعاء علم الغيب ﴾

« باللغة الكردية »

جماعة من العلماء

ترجمة: عبد السلام محمد بشدرى

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# بانگەشەی زانینی غەیب وپەنهانەکان

الحمد لله الذي عالم الغيب والشهادة وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه الغر الميامين ومن تبعه بإحسان إلى يوم الدين .

غەیب : بریتیە لەو شتەی کە نادیار وپەنهانە لە عەقڵ وژیری وبەرچاو لەهەموو کار وفەرمانێکی ئێستا ورابردوو وداهاتوو، بێگومان خوای گەورەش (اللّٰه) ئەمەی تایبەت کردووە بە زانست وزانیاری ذاتی خۆیەوە.

خوای گەورە فەرموویەتی : {قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ ... } [النمل: ٦٥] واتە: ئەی موحەمەد(صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: جگە لە خوا (اللّٰه)  هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هیچیان ئاگادارینین لە پەنهان و شاراوەکان،  .

هەروەها فەرموویەتی: {لَهُۥ غَيۡبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ} [الكهف: ٢٦]

واتە : تەنها بۆ خوایە زانینی نهێنی ئاسمانەکان و زەوی .

لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی : {عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ٱلۡكَبِيرُ ٱلۡمُتَعَالِ} [الرعد: ٩] واتە : ئەو زاتە زانای نهێنی و شاراوەکانە هەروەها زانای ئاشکراو بینراوەکانیشە، زاتێکی زۆر گەورەو بەشکۆو بڵندو پایەدارە .

هیچ کەسێك جگە لە خوای گەورە (اللّٰه) غەیب نازانێت و ئاگاداری پەنهان و شتە شاراوەکان نییە، نە هیچ فریشتەیەکی

نزيك له پەروەردگار وە نەهیچ پێغەمبەرێکی نێردراویش چ جای کەسانێك لەوان خوارتر و کەمتر بن .

خوای گەورە لەسەر زاری نوح پێغەمبەرەوە (علیه السلام) فەرموویەتی : {وَلَآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ} [هود: ٣١]

واتە : نوح (علیه السلام) بە گەلەکەی ووت : من پێتان ناڵێم خەزێنەکانی خوا لای منە و ناشڵێم غەیب وشتە پەنهان و نادیارەکان دەزانم .

خوای گەورە لەبارەی هود (علیه السلام) یشەوە فەرموویەتی : {قَالَ إِنَّمَا ٱلۡعِلۡمُ عِندَ ٱللَّهِ وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرۡسِلۡتُ بِهِۦ ...} [الأحقاف: ٢٣] واتە :

هود بەگەلەکەی ووت: ڕوودانی ئەو سزایانە و زانینی کاتەکەی بەڕاستی تەنها هەر لای خوا خۆیەتی، من ئەوەم لەسەرە کە ئەوەی من بۆی ڕەوانە کراوم پێتان ڕابگەیەنم .

خوای گەورە بە پێغەمبەرەکەی موحەمەد (علیه الصلاة والسلام) فەرمووە : {قُل لَّآ أَقُولُ لَكُمۡ عِندِي خَزَآئِنُ ٱللَّهِ وَلَآ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ ...}

[الأنعام: ٥٠] واتە : ئەی موحەمەد بڵێ : من پێتان ناڵێم کە خەزێنەکانی خوا لای منە وناشڵێم غەیب و شتە پەنهان و نادیارەکان دەزانم .

وە خوای گەورە فەرموویەتی : {وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمۡ عَلَى

ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ فَقَالَ أَنۢبِـُٔونِي بِأَسۡمَآءِ هَٰٓؤُلَآءِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٣١﴾ قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ لَا عِلۡمَ لَنَآ إِلَّا

مَا عَلَّمۡتَنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَلِيمُ ٱلۡحَكِيمُ (٣٢)} [البقرة: ٣١– ٣٢] واته : خوا ناوی هەموو شتێکی فێری ئادەم کرد لەپاشان ئەو شتانەی نیشانی فریشتەکان دا وە (خوا پێی) فەرموون: ناوی ئەمانەم پێ بڵێن ئەگەر ڕاست دەکەن، کە ئێوە لە ئادەمی باشترن (٣١) هەموو وتیان: خوایە تۆ پاکیت لەهەرچی هەڵە وکەموو کورتەیەك کە هەیە، ئێمە هیچ نازانین، مەگەر ئەوەی کە خۆت فێرت کردبین بەڕاستی هەر تۆ زاناو دانایت .

ئەمجا خوای گەورە هەندێك لە دروستکراوەکانی خۆی ئاگادار دەکات بەهەندێك لە شتە نادیار و پەنهانەکان لە ڕێگای وەحی و سروشەوە، هەوەرك خوای بەرز وبڵند فەرموویەتی : {عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا (٢٦) إِلَّا مَنِ ٱرۡتَضَىٰ مِن رَّسُولٖ فَإِنَّهُۥ يَسۡلُكُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦ رَصَدٗا (٢٧) لِّيَعۡلَمَ أَن قَدۡ أَبۡلَغُواْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّهِمۡ وَأَحَاطَ بِمَا لَدَيۡهِمۡ وَأَحۡصَىٰ كُلَّ شَيۡءٍ عَدَدَۢا (٢٨)} [الجن: ٢٦– ٢٨] واتە : هەر خوایە زانا بە نهێنیەکان وە کەس ئاگادار ناکات بەسەر نهێنی خۆیدا (٢٦) مەگەر بۆ پێغەمبەرێك خوا خۆی ڕازی بێت (بەوەی لە هەندێك نهێنی ئاگاداری بکات)، ئەو کاتە فریشتە دەکاتە پاسەوانی لە بەرو پشتەوە (تا هیچ شتێك نەتوانێت زەفەری پێ بەرێت) (٢٧) هەتا ئاگادار بێت کە بەڕاستی پێغەمبەران بەڕێك و پێکی پەیامەکانی پەروەدگاری خۆیانیان ڕاگەیاندووە، وەخوا بەهەموو شتێکیشان دەزانێ و بەئاگایەو هیچ شتێکی لا بزر نابێت، و هەموو شتێکیشی بەورد ئەژماردووە.

ئەمەش ئەندازەیەك لەو شتە غەیب و پەنهانەیە كە خوای گەورە ئاگاداری هەندێك كەسی دەكات جگە لەهەندێكی تریان، بەڵام زانینی غەیب وشتە پەنهانەكان بەشێوەیەكی ڕەها و موطڵەق هیچ كەسێك جگە لەخوای گەورە (اللّه) نایزانێت، چی كەسێك هەیە بانگەشەی شتێكی لەو شێوەیە بكات لەكاتێكدا ئەوە تایبەتە بە خوای گەورەوە!

هەر لەبەر ئەمە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك كە ئاگاداری ئەو ووردە دەجال و درۆزنانە بێت كە بانگەشەی ئەوە دەكەن كە غەیب دەزانن و ئاگاداری شتە پەنهانەكانن و دۆر بەدەم خوای گەورەوە دەكەن، ئەوانەی كە خۆیان گومڕا بوون و خەڵكانێكی زۆریشیان لەگەڵ خۆیاندا گومڕا كردووە و لەڕاستە ڕێگا لایانداوە، نمونەی ئەمانەیش وەك جادووگەر ودرۆزن و ئەستێرەگرەوەكان وغەیری ئەوانیشن .

ئەوەیشی پاش كەمێكی تر باسیان لێوە دەكەین نمونەی كۆمەڵێك لەكار وپیشەی ئەوانەیە كە بانگەشەی زانینی زانستی غەیب و شتە پەنهان و نادیاەكان دەكەن كە خەڵكی نەخوێنەوار و ونەزان سادەیان پێ فریوو داوە و گومڕایان كردوون وبیروباوەڕ و ئیمانیان خراپ وفەساد كردووە .

١- جادوو (السحر) لە زمانەوانییدا بەمانای ئەو شتە دێت كە پەنهان بێت و هۆكارەكەی نەرم ولەسەرخۆ بێت .

لە زاراوەی شـەرعیشدا : بەمانای مەبەسـت و نوشتە وگرێكان دێت كە كاریگەری دەبێت لەسەر دڵ و جەستەكان بەجۆرێك خەلك نەخۆش دەخات ودەیانكوژێت وژن و مێرد لەیەك جودا دەكاتەوە ئەمەش بە فەرمانی خوا نەبێت ناكرێت، گومان لەوەدا نییە كە ئەم كارە كوفر وبێباوەڕیە، وجادووگەریش كافر وبێباوەڕە بەخوای گەورە وبەرز و بڵند، لەڕۆژی دواییشدا هیچ كەڵك وسوودێكی پێ ناگاو لەبەهرەی خوا بێ بەشە، خوای گەورەش فەرموویەتی : {وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتْلُواْ ٱلشَّيَـٰطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَـٰنَ ۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَـٰنُ وَلَـٰكِنَّ ٱلشَّيَـٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلْمَلَكَيْنِ بِبَابِلَ هَـٰرُوتَ وَمَـٰرُوتَ ۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ ۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنْهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيْنَ ٱلْمَرْءِ وَزَوْجِهِۦ ۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنْ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ ۚ وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنْ خَلَـٰقٍ ۚ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ ۚ لَوْ كَانُواْ يَعْلَمُونَ} [البقرة: ١٠٢] واتە : جا جووەكان (وازیان لە كتێبی خوا ـ تەورات ـ هێناو) شـوێنی ئەوە كەوتن، كە شـەیتانەكان دەیانخوێندەوە دەربارەی دەسـەڵاتی سـولەیمان، (ئاشـكرایە كە) هەرگیز سـولەیمان كافر نەبووە، بەڵكو شـەیتانەكان كافربوون و خەڵكیان فێری سـیحرو جادوو دەكرد، هەروەها مەردومیان فێری ئەوە دەكرد كە بۆ هاروت و ماروت دابەزی بوو (كە دوو فریشـتە بوون) لە بابل (مەبەسـتیشـیان تێگەیاندنی خەڵكی بوو لە سـیحرو جادوو). ئەوانیش كەسـیان فێری هیچ شـتێك نەدەكرد تا پێیان نەوتایە: ئەم كارەی ئێمە بۆ تاقی

کردنەوەیەو خۆت کافر مەکە (کەچی هەندێك هەر کۆڵیان نەداو لەو فریشتانەوە شتی وافێر دەبوون کە ژن و مێردی پێ لە یەك جوودا بکەن، (هەر چەندە) ئەو جادووگەرانە ناتوانن هیچ زیانێك بە کەس بگەیەنن، مەگەر ویستی خوای لەسەر بێت، ئەو خەڵکە سەرگەردانە هەمیشە فێری شتێك دەبن کە زیانیان لێدەداو سوودی نیە بۆیان، بێگومان دەشزانن ئەوەی کاڵای وای کڕی بێت و شتی وافێر ببێت لەو دونیا هیچ بەهرەیەکی دەست ناکەوێت، (بەڕاستی) ئەو شتەی ئەوان خۆیان پێ فرۆشتووە و کەوتونەتە داوییەوە شتێکی زۆر ناپەسەندە ئەگەر بزانن و تێبگەن (چونکە سیحرو جادوو چەواشە کاریە و کارێکی نادروستە).

جۆرێکی تر لە جادوو فوکردنە بە چەند گرێیەکدا، خوای گەورە فەرموویەتی : {قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ (١) مِن شَرِّ مَا خَلَقَ (٢) وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ (٣) وَمِن شَرِّ ٱلنَّفَّٰثَٰتِ فِى ٱلْعُقَدِ (٤) وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ (٥)} [الفلق: ١-٥] واتە : ئەی موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) بڵێ: پەنا دەگرم بەو دروستکەرەی کە بەرەبەیان پێش دەهێنێت (١) لە شەڕ و خراپەی هەرچی شتێك کە دروستی کردووە (لە جنۆکە و ئادەمیزاد و مار و مێرو) (٢) وە لەشەڕو خراپەو زیانی تاریکی شەو، کە دادێت و هەموو شتێك دادەپۆشێ بەژێرەوەو ترووسکایی لێ دەبڕی و دەبێتە شەوە زەنگ (٣) وە لەشەڕی ئەوانەی فوو دەکەن بە گرێکاندا ( واتە لەشەڕی جادووگەران) (٤) وە لەشەڕی کەسانی ڕژد و حەسوود کاتێك کە ڕژدی و حەسوودی دەبەن (٥) .

٢- ئەستێرەگرەوە : ئەمەش بریتیە لە بەڵگە هێنانەوە بە ئەحواڵی گەردوون ڕووداوەکانی سەر زەوی کە هێشتا ڕوویان نەداوە، واتە ئەم ئەستێرە گرەوانە سەیری شوێن وجێگای ئەستێرەکان دەکەن و هەواڵی هەندێك ڕووداو و گۆڕانکاری دەدەن بەخەڵکی کە هێشتا ڕووی نەداوە وتەنها لە زانست و عیلمی خوای گەورەدایە، عبد الله یکوڕی عەباس (خوایان لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : " من اقتبس علما من النجوم فقد اقتبس شعبة من السحر زاد مازاد " { رواه أبو دواد، سنن أبي داود ژمارە (٣٩٠٥)} واتە : هەرکەسێك زانستێك لە ئەستێرەکانەوە فێر ببێت ئەوە بێگومان بەشێکی لە سیحر وجادوو وەرگرتووە، زیاد لەوەی کە زیادی کردووە .

٣- هەڵدانی باڵندە وکێشانی خەت لەسەر زەوی : قوطنی کوری قەبیصە لەباوکیەوە گێڕاویەتیەوە کە ووتویەتی : لە پێغەمبەری خودام بیست (صلى الله عليه وسلم) کە فەرمووی : " العيافة والطيرة والطرق من الجبت " { سنن ابي داود بەژمارەی (٣٩٠٧) و مسند أحمد (٤٧٧/٣)} واتە : هەڵدان و هەڵفڕاندنی باڵندە و کێشانی خەت لەسەر زەوی ورەشبینی کردن لەجوڵان وکاری باڵندەکان هەر هەمووی بەشێکە لە سیحر وجادوو، (العيافة) بەمانای هەڵدان وهەڵفڕاندنی باڵندە وگەشبینی ورەش بینی بەناو ودەنگ وڕێرەوەیان دێت، (الطرق) یش بەواتای کێشانی خەت کێشانی دێت لەسەر زەوی، یان بەواتای هەڵدانی بەرد و بانگەشەی زانینی غەیب دێت .

٤- فالچێتی (الكهانة) بریتیە لە بانگەشەی زانینی زانستی غەیب، ئەصڵیش لەم كارەدا ئەوەیە كە جنۆكەكان لەڕێگای گوێگرتنیان لە فریشتەكان هەندێك لە هەواڵ ئەچپێنن بەگوێی ئەو فاڵچیانەدا .

ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دەگێڕێتەوە كە فەرموویەتی : " من أتى كاهنا فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد (صلى الله عليه وسلم) " { رواه أبو داود وأحمد والحاكم، سنن أبي داود (٣٩٠٤) ومسند أحمد (٤٢٩/٢) والمستدرك (٥٠/١) قال الحاكم صحيح على شرط الشيخين ووافقه الذهبي} واتە : هەركەسێك بچێت بۆلای فاڵچی و كاهنێك و ئەوەی دەیڵێت بەڕاستی بزانێت وبڕوای پێ بكات، ئەوا بێگومان بێباوەڕ بووە بەوەی كە دابەزیوە بۆ سەر محمد (صلى الله عليه وسلم) .

٥- نووسینی پیتەكانی ( ئەبا جاد ) : ئەمەش بەوەی كە هەر پیتێك نرخێكی لە ژمارە بۆ دادەنرێت و پاشان ئەمە جێ بەجێ دەكرێت بەسەر ناوی مرۆڤەكان و كات وشوێنەكاندا، پاشان لە ئەنجامی ئەم كارەدا حوكمی پێ ئەدرێت بەسەر خۆشبەختی یان بەدبەختی ئەو كەسە یان ئەو شوێنە یان ئەو كاتەدا.

عبد اللّٰە‌ی كوڕی عەباس (خوایان لێ ڕازی بێت) لەبارەی گەل وهۆزێكەوە كە خەریكی نووسینی ( ئەبا جاد) ن وسەیری ئەستێرەكان دەكەن : " ما أرى من فعل ذلك له عند الله من خلاق " {رواه عبد الرزاق في المصنف، المصنف (٢٦/١١)} واتە : ئەو

کەسانە کە وەها کارێك دەکەن نابینم کە لای خوای گەورە هیچ کەڵك وسوودێکیان پێ بگات و لەبەهرە وپاداشتی خوداش بێ بەش دەبن وپاشەڕۆژیشیان خراپە دەبێت .

٦- خوێندنەوەی ناو لەپی دەست و فنجان : و نمونەی ئەمانە کە هەندێك کەس لەو فنجان ولەپ خوێنەوانە بانگەشەی ئەوەی پێ دەکەن کە گوایە ئەوەی لەداهاتوودا ڕوو دەدات لە مردن وژیان وهەژاری ودەوڵەمەندی وتەندروستی ونەخۆشی و نمونەی ئەمانە هەر هەمووی دەزانن .

٧- ئامادەکردنی ڕۆحەکان : ئەرباب وخاوەنی ئەم درۆ ودەلەسانە وای بڵاو دەکەنەوە کە گوایە دەتوانن گیانی مردوەکان ئامادە بکەن و بیانهێننەوە و پرسیاری هاڵ وهەواڵی مردنیان لی بکەن لە خۆشی وشادی وسزاکانی ناو گۆڕ و غەیری ئەمانەیش، ئەمەش بەشێکە لە دەجالی وشەیتانی وشەعوەذە وفریودانی خەڵکی کە مەبەستیان پێی تێکدانی بیروباوەڕ ورەوشتی خەڵکیە، مەبەستیان شاردنەوەی هەقیقەتە لای خەڵکانی نەزان و نەخوێندەوار وخواردنی ماڵی خەڵکیە بە ناهەق وباتڵ وگەشتن بە بانگەشەی زانینی علمی غەیب وشتە پەنهان ونادیارەکان .

٨- ڕەشبینی (التطیر) : بریتیە لە ڕەشبینی بەفڕینی باڵندەکان بەلای ڕاستدا یان بەلای چەپدا یان ڕەشبینی بە تەم ومژی هەوا، ئەمەش دەرگایەکی شیرك وهاوەڵ بڕیاردانە بۆ خوای گەورە، ئەمەش هەمووی لە شەیتانەوەیە کە دەیخاتە دڵی خەڵکیەوە و بەوە دەیانترسێنێت .

عیمرانی کوڕی حوصەین بەفەرموودەیەکی مەرفوع ڕیوایەتی کردووە : " لیس منا من تطیر أو تطیر له، أو تکهن أو تکهن له، أو سحر أو سحر له، ومن أتی کاهنا فصدقه بما یقول فقد کفر بما أنزل علی محمد (صلی الله علیه وسلم)" {رواه البزار، مسند البزار (٥٢/٩) (٣٥٧٨) وقال الهیثمي في مجمع الزوائد (١١٧/٥) رجاله رجال الصحیح} واتە : لە ئێمە نییە ئەو کەسەی باڵندە هەڵبدات بۆ زانینی خۆشبەختی و بەدبەختی، یان باڵندەی بۆ هەڵبدرێت بۆ ئەو مەبەستە ( واتە ڕەشبینی یان گەشبینی پێ بکرێت) وە لە ئێمە نییە ئەو کەسەی فاڵ بگرێتەوە یان فالێ بۆ بگیررێتەوە، وە ئەو کەسەی جادوو بکات یان جادووی بۆ بکرێت، وە هەرکەسێك بچێتە لای قاڵچیەك و پڕوای هەبێت بەوەی کەدەیڵێت ئەوە بێباوەڕ بووە بەوەی دابەزیوە بۆ محمد (صلی الله عليه وسلم) .

لە خوای گەورە وپەروەردگار داواکارین کە بار وگوزەران وحاڵی موسڵمانان باش بکات و زانست و زانیاری و تێگەشتنیان لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێ ببەخشێت و پانایان بدات لە فڕوفێڵی تاوانباران وفریودانی شوێنکەوتوانی شەیتان.